سایکۆلۆژیای منداڵ

(بەشی سێیەم)









د. کەریم شەریف قەرەچەتانی

بڕۆفیسۆری یاریدەدەر

کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەددین

هەولێر (2004)

41585

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

تیراژ: ۲۰۰۰ دانە

چاپی یەکەم: (۲۰۰٤)

بەرگ: زاگرۆس مەحمود

پیتچنین: سەلام محەمەدنەمین

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر

ژمارەی سپاردن لەکتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر (١٦٦) ساڵی ۲۰۰٤

لەسەر ئەرکی نووسەر بەچاپ گەیەندراوەو مافی لەبەرگرتنەوەو دووبارە چاپ کردنەوەی تەنها بۆ نووسەرە.

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٦
دڵنیایی دەروونی	٧ – ٨
ڕاوەدڕگرتنی منداڵ	٩ – ١٠
هەر منداڵەو جیهانی تایبەتی خۆی هەیە	١١ – ١٢
یاریکردن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی	١٢ – ١٤
پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوک (هۆگری)	١٤ – ١٦
ناخۆشی نێوان دایک و باوک و کاریگەری لەسەر منداڵ	١٧ – ١٨
سایکۆدراماو چارەسەرکردنی گرفتەکانی منداڵان	١٩ – ٢٢
چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان و هەڵچوونەکانی منداڵ	٢٢ – ٢٣
منداڵ و پشت بەستنی بە کەسانی تر	٢٤ – ٢٧
منداڵ لە شێر بڕینەوە	٢٨ – ٢٩
چاداشت کردنی قوتابی منداڵ نەک سزادانی	٣٠ – ٣٣
ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دواکەوتنی ژیری و بیر کۆڵی منداڵ	٣٤ – ٣٨
منداڵی بەهرەمەندو بلیمەتیش گرفت دروست دەکات	٣٩ – ٤٠
گەشەپێکردنی چەمکەکان لە قۆناغی باخچەی ساوایان	٤١ – ٤٤
شەڕو ناخۆشی منداڵان	٤٤ – ٤٥
منداڵانی یەک خێزانیش شەڕ دەکەن	٤٦ – ٤٧
منداڵی لاسارو سەرەڕۆ کێیە؟	٤٧ – ٤٨
هۆکارەکانی لاساری و سەرەڕۆیی منداڵ	٤٩ – ٥٠
شەڕخوازی منداڵان	٥٠ – ٥٥
یاخی بوونی منداڵ و هەرزەکار	٥٦ – ٥٩
تەلەفزیۆن و ڕەفتاری شەڕخوازی	٦٠ – ٦٣
شەڕو کوشتارو منداڵ	٦٤ – ٦٥
منداڵ بۆ دزی دەکات؟	٦٦ – ٦٩
ترس و چۆنیەتی چارەسەرکردنی	٧٠ – ٧٤

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بابەت	لاپەڕە
منداڵ بۆ دەترسێت و چۆنیش چارەسەر دەکرێت؟	٧٤ – ٧٨
منداڵی بێزراوو پشت گوێ خراو	٧٩ – ٨٠
باری دەروونی منداڵی پۆلی یەکەم	٨١ – ٨٢
منداڵە نوقستانەکان و پێداویستیەکانیان	٨٢ – ٨٥
منداڵی هەڵچوو دەمارگیر	٨٦ – ٨٧
کابووس	٨٨ – ٨٩
عینادی و کەللە ڕەقی منداڵ	٩٠ – ٩٢
قسەکردن و ڕۆیشتن لەکاتی خەوتندا	٩٢ – ٩٣
نینۆک قرتاندن بە ددان	٩٤ – ٩٥
پەنجە مژین	٩٦ – ٩٧
میز کردن بە خۆدا: هۆکارو چارەسەرکردن	٩٨ – ١٠١
قوتابی بۆ لە قوتابخانە ڕادەکات؟	١٠٢ – ١٠٤
چەند ڕێنماییەکی پەروەردەیی بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان	١٠٥ – ١٠٧
چەند ساتێک بۆ منداڵەکەت تەرخان بکە	١٠٨ – ١١٠
تاوانی باوک، قوربانی منداڵ	١١١ – ١١٢
هەست کردن بە جوانی	١١٣ – ١١٤
چەپەڵی و ناڕێکی وەک خوێەکی خراپ	١١٥ – ١٢٠
ڕێز نەگرتنی کات و بەفیڕۆدانی	١٢١ – ١٢٦
منداڵ چۆن خۆی لە ناوێنەی خێزانەکەیدا دەبینێتەوە	١٢٧ – ١٢٨
هەست کردن بە گوناهو شەرمەزاری	١٢٨ – ١٢٩
رووداوو مەترسییەکانی ناو ماڵ بۆ منداڵ	١٣٠ – ١٣١
منداڵ و هەرزەکار چۆن لەجۆری پەیوەندییەکان و شێوازی پەروەردەکردن دەگەن	١٣٢ – ١٣٣
منداڵ و دیموکراسیەت	١٣٣ – ١٣٤
منداڵی خۆپەرست	١٣٥ – ١٣٨
باری دەروونی منداڵی نەخۆش	١٣٩ – ١٤٠
سەرچاوەکان	١٤١ – ١٤٢

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

((ئەم کتێبە کە بەشی سێیەمی سایکۆلۆژیای منداڵە، باسی زۆر لایەنی باری دەروونی منداڵی تێدایە و زۆر پێویستە بۆ دایکان و باوکان و مامۆستایان و سەرجەم ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ مامەڵە لەگەڵ منداڵ دەکەن. پەروەردەی کۆن بەشێوەیەکی هەڵە مامەڵەی لەگەڵ منداڵ دەکردو دەرئەنجامی بۆچوونی زۆر لە فەیلەسوفانی پێش سەدەی هەژدەهەم ناماژەی بۆ نەوە دەکرد کە منداڵ پیاوێکی بچکۆلەیەو خاسیەت و باری دەروونی و کەسایەتی وەک گەورە وایە) بەڵام دەرئەنجامی توێژینەوە زانستیەکان و بۆچوونەکانی زۆر لە فەیلەسوف و زانایانی دوای سەدەی هەژدەهەم نەوەیان سەلماند کە منداڵ پیاوی بچکۆلە نییەو بەڵکو جیهان و باری دەروونی تایبەتی خۆی هەیەو لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لە مرۆڤە گەورەکان.))

ئینجا ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵە لەگەڵ منداڵ و جیهانە پاک و بێگەردەکەی بکەین و کلیلی عەقڵ و کەسایەتی بدۆزینەوە، ئەوا دەبێت لەم جۆرە کتێبانە بخوێنینەوە بۆ ئەوەی شارەزای سایکۆلۆژیای منداڵ و جیهانە پڕ لە نەفسون و نهێنیەکانی ببین.

باوکان، دایکان، مامۆستایانی بەڕێز:

ئەم پەڕاوەی لەبەر دەستتاندایە دەربارەی قۆناغێکی ناسکی مرۆڤە کە نەویش قۆناغی منداڵییە کە بەناسکترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بناغەی کەسایەتی مرۆڤی تێدا بنیات دەنرێت. هیوادارم کە سوودی لێوەربگرن و بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سەرکەوتوو دروستی منداڵەکانتان سوودی لێوەربگرن، بۆ ئەوەی منداڵانی کوردیش وەک هەموو منداڵانی گەل و نەتەوەکانی تر سوود بەخش بن و لە لادان و گرفت و کێشەو نەخۆشییە دەروونیەکان بەدوورین.

د. کەریم شەریف قەرەچەتانی

هەولێر – ٢٠٠٤

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

دڵنیایی دەروونی

یەکەم پێداویستی دەروونی مرۆڤ نەمن و ناسایش و دڵنیاییەو زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ و کۆڵەکەو بڕبڕەی پشتی دروستی دەروونی مرۆڤە، نەو مرۆڤەی هەست بە ناسایش و دڵنیایی دەروونی نەکات، بە هیچ شێوەیەک نابێت بە مرۆڤێکی داهێنەر، لەبەر نەوە دابین کردنی ناسایش و دڵنیایی دەروونی زۆر پێویستە بۆ تاکەکانی کۆمەڵ. مەبەست لە دڵنیایی و ناسایشی دەروونی (الأمن النفسي) نەوەیە کە تاک لەو ژینگەیەی کە تیادا دەژی هەست بە دڵنیایی و ئارامی دەروونی بکات و لەوە دڵنیا بێت کە کەس دەست درێژی ناکاتە سەر سەرو ماڵ و شەرەف و کەرامەتی و ژیانی پارێزراودو ناکەوێتە بەر هەڕەشە و تۆقاندن و چاو لێ سوور کردنەوە.

ناسایش و دڵنیایی دەروونی لە خێزانەوە دەست پێدەکات، دەبێت باوک و دایک کەسانی دڵ نەرم و بە بەزەیی بن و منداڵ لە باوەشیاندا هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکات و نابێت تووندوتیژی و لێدان لەگەڵ منداڵدا بەکاربهێنن و لەسەر هەڵس و کەوتەکانیان سزایان بدەن، چونکە لێدان و تووندوتیژی بەردەوام باری دەروونی منداڵ ئاڵۆز دەکات و تووشی زۆر گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات. منداڵی زیرەک و بلیمەت زۆر دەجوولێ و پرسیار دەکات و بەجۆرەها شێواز گوزارشت لە بیرو باوەڕو حەزو ئارەزووەکانی دەکات، ئینجا بۆ نەوەی توانا و بەهرەکانی منداڵ زیندە بەچاڵ نەبێت نەوا زۆر پێویستە کە دایک و باوک بە سینگێکی فراوانەوە پێشوازی لەو ڕاو بۆ چوون و حەزوو ئارەزووانەی منداڵەکانیان بکەن و سووکایەتیان پێ نەکەن و ناوو ناتۆرەی ناشیرینیان بۆ نەدۆزنەودو هەڵەکانیان بۆ گەورە نەکەن، چونکە نەو جۆرە مامەڵانەی سەردەوە باری دەروونی منداڵ ئاڵۆز دەکات و تووشی ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوامی دەکات.

دڵنیایی دەروونی قوتابخانەش هیچی لە ماڵەوە کەمتر نییە، لەبەر نەوە زۆر پێویستە کە بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەش لەلای خۆیانەوە هەوڵی نەوە بدەن کە قوتابی لە قوتابخانە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەروونی بکات، مامۆستا باوکی دووهەمی قوتابییەو هیچی لەوڵی باوک کەمتر نییە نەگەر زیاتر نەبێت، لەبەر نەوە دەبێت مامۆستا بەیەک چاو سەیری هەموو قوتابییەکان بکات و هەندێک شتی لاوەکی وەک (دەوڵەمەندی، جل و بەرگی جوان، ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی قوتابی، بیرو باوەڕی سیاسی و ئایینی، چین و

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library